# ١٧ی شوبات تا ١٩ی نیسان چیمان فێردەکات؟

## کۆبەندیی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان



# ١٧ی شوبات تا ١٩ی نیسان چیمان فێردەكات؟

## كۆبەندیی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی كوردستان،
## هەڵسەنگاندن،دەرسەكان ودەستكەوتەكان وئاییندەكەی

---

بەڵگەنامە/ پەسەندكراوی مەكتەبی سیاسی

سەرەتای ئایاری ٢٠١١

# ١٧ی شوبات تا ١٩ی نیسان چیمان فێردەکات؟

## کۆبەندیی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، هەڵسەنگاندن،دەرسەکان ودەستکەوتەکان وئایندەکەی

### کوردستان پێی نایە قۆناغێکی تازەوە:

ڕۆژی ١٧ی شوبات خاڵی وەرچەرخانێکی گەورەبوو لەمێژووی کۆمەڵگای کوردستاندا. بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە کەلەشێوەی هاتنەمەیدانی خۆپێشاندان ونارەزایەتی فراوانی جەماوەری شارەکاندا خۆی نواند، دابڕانیکی سیاسی وکۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەو مێژووە دروستکرد کەتیایدا سونەتی بۆرژوازی وناسیونالیزمی کورد بەناوی "شۆڕشی ئەیلول وگولان وشۆڕشی نوێی گەلەکەمان" زهنیەت وکێشمەکێشە سیاسیەکانی کۆمەلگای کوردستانی پی لەقالب دابوو وکردبووی بە پەردەیەک بەسەر ناکوکییە چینایەتییەکانیدا. لەو مێژوە ڕابردووەدا، خەبات وڕاپەڕین ونارەزایەتی کۆمەڵایەتی لەکوردستان، بەهۆی لەئارادابوونی ستەمی میللی و کێشەی

میللیەوە، زەمینەی پێکهێنا کەبزووتنەوەی ناسیونالیزمی کورد، وەک بزوتنەوەی چینی سەرمایەدارو دەوڵەمەندانی کوردستان هەموو کێشەو کێشمەکێشە سیاسییەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان، لەبەرامبەر دەسەڵاتی مەرکەزی وەکو"دوژمنی دەرەکی" پێناسە بکات ولەسەر ئەم بناغەیەش ئاڵاو بەدیل وسوونەت وئامانجە بورژوازیەکانی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا زاڵبکات. بەڵام ١٧ی شوبات وسەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە کەڕاستەوخۆ کەوتە بەرامبەر بەدەسەڵاتی بۆرژوا ناسیونالیستی کوردەوە، ناوەڕۆک وچوارچێوەیەکی تازەی بەخەباتی سیاسی نەرێت وخواست وئامانجەکان وداهاتووی کۆمەڵگای کوردستان، لەروانگەی بەرژەوەندیە جیاوازەکانەوە، هێناوەتەکایەوە. بەم مانایەش ئەم کۆمەڵگایە چووە ناو دەورەیەکی تازە لەکێشمەکێشی چینایەتیەوە.

لەماوەی ٢٠ ساڵی رابردوودا، ئەزمونی کوردایەتی ودەسەڵاتدارێتی بۆرژوا ناسیونالیستی کورد، بەناوی "حکومەتی خۆیی"ەوە، بەپشتیوانی گەورەترین خۆشباوەڕی وچەواشەکاری، نمونەیەکی بەرجەستە لەدەسەڵاتێکی میلیشیایی ومافیایی گەندەڵ وسەرکوتگەرو ستەمکاری، نمایش کرد. ستەمی نەتەوایەتی و ملهوڕی دەوڵەتە سەرکوتگەرەکانی عێراق، لەمێژووی رابردوودا ئەوەندە برینی سەختیان لەجەستەی ئەم خەڵکەدا هەڵکەندبوو، کەخۆشباوەڕی بە"حکومەتی خۆیی" ونەرێتەکانی بزووتنەوەی بورژوا ناسیونالیستی کورد، ئەوەندە قوڵ وبەرین کردبووەوە، کە ٢٠ساڵ ستەم وتاڵان وبڕۆو سەرکوت ومافیاگەری ئەم دەسەڵاتە درێژەی کێشا، بۆ ئەوەی ئەو خۆشباوەڕیە برەوێنێتەوە. رۆژی ١٧ی شوبات ئەو خاڵی وەرچەخانە مێژووییە بوو، کەجەماوەری ستەمدیدەی کوردستان، لە ئاستێکی بەرینی جەماوەریدا، شانی خۆیان لەژێر باری قورسی ئەو خۆشباوەریە هێنایە دەرەوەو بەدەنگی بەرز ووتیان (نا) بۆ ئەم دەسەڵاتە گەندەڵ و ستەمکارو سەرکوتگەرەی کوردایەتی. بەمەش هەر هەمان رۆژ هەنگاوێکی گەورەیان بەرەوپێشەوە هەڵگرت، دەسکەوتێکی گەورەیان بۆ نەخشاندنی ئایندەی خۆیان تۆمار کرد، کۆمەڵگای کوردستانیان خستە ناو قۆناغێکی سیاسی تازەوە.

٢٠ ساڵ لەمەبەر، لەرێگەی خۆهەڵواسینی بزووتنەوەی کوردایەتی بەسیاسەتی ملهوڕانەو جەنگخوازانەو ئینسان کوژانەی ئەمریکاوە، دوو حیزبی بۆرژوا ناسیونالیستی کورد لەسەر کورسی دەسەڵات دانران وبەڕێوەبردنی کۆمەڵگای سەرگەردانی کوردستانیان پێ سپێردرا. لەبەهاری ساڵی ١٩٩٢دا، لەنێو جەنجاڵێکی گەورەی تەفرەدان وفریوکاریدا، هەڵبژاردنی "یەکەمین پەرلەمان وپێکهێنانی یەکەمین حکومەتی خۆیی"، بەناحەق وەکو مژدەدەری بەدیهاتنی هەموو خەون و ئاوات وئامانجەکانی خەڵکی کوردستان، پێناسەکرا. بەڵام ئەو دەسەڵاتە زۆر بەخیرایی نیشانیدا کەدەسەڵاتی بزووتنەوەی کوردایەتی وبورژوازی کورد، نەک هەر دەسەڵاتی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش وخەڵکی ئازادیخوازو ستەمدیدەی کوردستان نیە، بەڵکوو رێک بەپێچەوانەوە ولە دژی قازانج وبەرژەوەندی ئەوانە. دوو حیزبی ئەو بزووتنەوەیە بەخێرایی هەموو روکنەکانی دەسەڵات وئابوری کوردستانیان بۆ خۆیان قۆرخ کرد، ژیانێکی شاهانەیان بۆ کەمایەتیەکی کەم بەرپاکرد وئەو کەمایەتیە نوقمی سەروەت کران، لەسەر حیسابی سەپاندنی هەژاری وکوێرەوەریەکی فراوان بەسەر زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگادا. لەسایەی ئەو دەسەڵاتەدا گەندەڵی وتاڵان وبڕۆی بێسنور، سەرکوتی نەیارانی سیاسی وتیرۆری سازماندراوی رەخنەگران وهەڵسوڕاوانی ئازادیخوازو کۆمۆنیست ورۆژنامەنوسان، داهێنانی جۆرەها یاساو بڕیار بۆ خنکاندنی هەموو جۆرەکانی ئازاد، بەرپاکردنی کارەساتی تیرۆر وکوشتاری ژنان بەبەهانەی ناموسپەرستی، بەڕێخستنی چەند جەنگی ناوخۆی کۆنەپەرستانە ومالۆێرانکەر، کوشتارو ئەتک کردنی دیلەکانی ئەو جەنگانەو ئاوارە کردنی لایەنگرانی یەکتری، سەپاندنی یاسای کاری هەرزان و کرێکاری خامۆش و بێمافکراو بەسەر چینی کرێکاردا، تیرۆرو سەرکوتی هەڵسوڕاوانی کرێکاری وپەلاماردانی رێکخراوە کرێکاریەکان، پەلکێش کردنی لەشکرو دەزگا جاسوسی وتیرۆرستەکانی دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە بۆ سەر دڵی خەڵکی کوردستان، ... بوون بەکارنامەی ٢٠ ساڵی دەسەڵاتی بزووتنەوەی کوردایەتی. کەلە هەمان کاتدا بوونە زەمینەو بنەماکانی هاندانی

راپەڕینی خەڵکی کوردستان لەدژی ئەم دەسەڵاتە.
بەرپابوون وسەرکەوتنی شۆڕشەکانی میسرو تونس لەوەلاناني سەرۆک وهەڵپێچانی بەشێکی بەرچاو لەدەزگای دەوڵەتی دوو رژێمی گەندەڵ وستەمکاری ئەو دوو وولاتەدا، پەرەگرتنی هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕانە لەئاستی ناوچەکەدا، هاندەرو یاریدەدەری ئەوەبوو کەراپەڕینی جەماوەری لەدژی دەسەڵاتی گەندەڵ وستەمکاری بورژوازی کورد لە ١٧ی شوباتی ٢٠١١دا دەست پێبکات. لەو کاتەوە بۆ ماوەی ٦٢ رۆژ، بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی وشۆڕشگێڕانەی جەماوەری فراوان، بەبێ راوەستان وبە ورەیەکی بەرزو ئومێدەواریەکی گەورەوە، لەدەوری داخوازیە بەرحەق ورەواو رادیکاڵەکانی کرێکاران وجەماوەری دەست تەنگ وئازادیخواز، لەمەیدان راوەستاو سنگی نا بەگوللەی حکومەتی کوردیەوەو مەیدانی چۆڵ نەکرد. لەم تەجروبەیەشدا حکومەتی کوردی دووپاتی کردەوە کەبەعس ئاسا دەستی لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگە بۆ کوشتاری خەڵکی نارازی وئامادەیە گۆماوی خوێنی "میللەتی خۆ" بەرێخات، ئامادەیە هەرچەند پێویست بکات بۆ پاراستن وداسەپاندنی دەسەڵاتی گەندەڵی بنەماڵەیی، لەخەڵکی مەدەنی وتەنانەت نەوجەوانان ومنداڵانیش بکوژێت، تا ناچاریان بکات دەست لەداخوازیەکانیان هەڵگرن، بۆ ئەوەی ژیانی شاهانەی ئەوان لەسەر حیسابی بیدەرەتانی ملیونی هاولاتیان بەردەوام بیت.

## دەسکەوتەکان:

دوای ٦٢ رۆژ بەراگەیاندنی بەکردەوەی حکومەتی عورفی کوردی، بەلەشکرکێشی فراوان لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان وعێراقەوە بۆسەر جەماوەری راپەڕیو، بە بەکارهێنانی شێوازی جۆراوجۆری فراوانترین سەرکوت وملهوڕی، بەشێوەیەکی کاتی مەیدانەکانی ئازادی لەدەستی ئەم بزووتنەوەیە دەرهێنراو وخۆپیشاندانەکانی راگیرا. ئەم بزووتنەوەیە هەرچەندە پاشەکشەیەکی کاتی بەسەردا سەپێنراوەو تائێستا بەخواست وئامانجەکانی خۆی نەگەیشتوە، بەڵام نەک هەر شکستی نەخواردوەو کۆتایی

پینەهاتووە، بەلکو دەسکەوتی گرنگ ومەزنی هەبووە کەرێگای هەنگاوەکانی داهاتووی بەرەو سەرکەوتن، دەنەخشێنێت.
یەکەمین دەسکەوتی هەرە گەورەی ئەوەیە کەکۆتی خۆشباوەڕی بەرامبەر دەسەڵاتی ستەمکارو تاوانکارو ملهوڕی کوردایەتی پساندو لەو دیوی هەموو فریوکاریە نەتەوە پەرستی وخورافاتە ناسیونالیستیەکانەوە، ماهیەتی بزووتنەوەی کوردایەتی وناسیونالیزمی کوردی، زۆر بەرۆشنی خستە بەردەستی خەڵکی کوردستان. بەمەش چەکێکی کوشندە لەدەستی دەسەڵاتی کوردی بۆ سەپاندنی ستەمکاری بەسەر جەماوەری چەوساوەدا، دەرهێنرا. ئەویش چەکی خۆشباوەری وفریوکاریە. ئیتر دەسەڵاتی کوردی لەسەر یەک قاچی سەرکوتکردن خۆی راگرتووە. بەڵام راوەستان لەسەر یەک قاچ وراگرتنی دەسەڵات بەزەبری حکومەتی عورفی، بەڵگەیەکە بۆ بەسەرچوونی تەمەنی ئەم دەسەڵاتە وبەم کارەی حوکمی مەرگی خۆی داوەتە دەستی خەڵکی کوردستانەوە. ئیتر ئەوە کارو ئەرکی خەڵکی کوردستانە کەچۆن وکەی ئەم حوکمە جێبەجێ دەکات.
ئەم سەرکوت ولەشکرکێشیە، لەهەمان کاتدا ئەو ڕاستییەی بەرجەستەکردەوە کەسوپاو هێزە چەکدارەکان ودامەزراوە موخابەراتی ومافیایەکانی ئێستای کوردستان، وەکو دام ودەزگاکانی هەر دەسەڵاتێکی بیروکراتیکی بۆرژوازی لەدونیادا، ماهیەتێکی سەرکوتگەرانەیان هەیە. ئەم دەزگایانە ڕاستەوخۆ لەبەرامبەر بزووتنەوە و ناڕەزایەتی هەقخوازانەی چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێشدایە وئامادەیە بۆ ڕاگرتنی پایەکانی کۆمەڵگای بورژوازی وستەم وچەوسانەوە، کۆمەڵگا لەخوێنی هاوڵاتیان هەڵکێشێ. پەلاماردان وکوشتن وگرتن ومیلیتاریزەکردنی شارەکان، ناوەڕۆکی پوچی ئەو "پیرۆزی"یەی خستە دەستی جەماوەرەوە، کەگوایە ئەم دەزگایانە بەتایبەتی، هێزی پێشمەرگەی "ئامرازی ئاسایشی نەتەوەیی وڕزگاری کوردستان وگێرانەوەی ناوچەدابراوەکان وپاراستنی ئاسایشی کۆمەلایەتین". تەنانەت پەردەی لەسەر ناوەڕۆکی ئەو هەوڵانەی لایەنە بۆرژوازیەکانی ئۆپۆزسیۆنەکان هەڵدایەوە، کەپرۆژەی هێشتنەوەی ئەم هێز و دەزگا سەرکوتگەرانەیان بەناویی

"بەنیشتمانی کردن وبەیاسایی کردنی" هێزی چەکدار و دەزگا موخابەراتییەکانی ئێستایان کردۆتە بەشێک لەبەرنامەی گۆڕانکاری وچاکسازی خۆیان. ڕووداوەکانی ١٧ شوبات ئەو ڕاستییەی سەلماند کەهێزی چەکدار ودەزگا سەرکوتگەرەکان، هێزی پاراستنی "نیشتمان وئاشتی کۆمەلآیەتی" نین. بەڵکو بەهەڵوەشانەوەی ئەم دەزگایانە ودەستکۆتاکردنی دەسەلات لەم ئامرازانەی سەرکوت، مەرجی سەرەکیە بۆ ئەوەی دەسەلات پشت بەئیرادەی ڕاستەوخۆی خەڵک ببەستێ.
دەسکەوتی گرنگی دیکەی ئەم بزووتنەوەیە گۆڕینی هاوسەنگی هێزی نێوان دەسەلآتی بورژوازی کورد وکرێکاران وجەماوەری ستەمدیدەو ئازادیخوازە. ساڵەهایە ئەم جەماوەرە بەهۆی گرفتاربوون بەوەهم و خوارافاتی ناسیونالیستیەوە، ئیرادەیان لەژێر پێی دەسەلآتی میلیشایی ئەو حیزبانەدا تێکهاڕاوە. ئەمەش ڕوکنەکانی هاوسەنگیەکی بەتەواوی بەقازانجی دەسەلآتی ستەمکاری بورژوازی کوردی داکوتابوو. ئەم بزووتنەویە ئەو هاوسەنگیەی تێکداو بەباری قازانجی جەماوەری ستەمدیدەدا ئاڵوگۆڕی گەورەی تیادا پێکهێنا.
هەر لەجەرگەی ئەم بزووتنەویەدا هۆشیاری سیاسی چینی کرێکارو جەماوەری ستەمدیدە لەئاست ناسینی بەرژەوەندیە جیاوازەکانی خۆی لەبورژوازی کورد، بەرەو سەرچوو. بەرچاویان لەئاست ناسینی بەرژەوەندی وخواستەکانی خۆیان رۆشنتر بووەوە. تەنانەت هەنگاوێکی سەرەتایی لەرێگای یەکدەست بوونەوەو خۆرێکخستن بەرەوپێش هەڵگیرا.
دەسکەوتێکی هەرە گەورە، هاتنەوەمەیدانێکی سەرلەنوێ ودەرکەوتنەوەی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بوو، لەئاستی کۆمەلآیەتیدا وەکو حیزبێکی کرێکاری وکۆمۆنیست وشۆڕشگێڕو نواندنی دەورێکی سیاسی دەخاڵەتگەر لەساحەی سیاسیدا. ئەمە دەسکەوت وپێشڕەویەکی گەورەیە لەرێگای پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسیەی کەلە چەند ساڵی رابردوودا، بەتایبەتی لەدوای پەلاماری چەکدارانەی یەکێتی بۆسەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە١٤ی تەموزی ٢٠٠٠ەوە هاتە کایەوە. ئێستا حیزبی کۆمۆنیستی

کرێکاری، بەشایەتی دۆست ودوژمن، یەکێکە لەیاریکەرانی خاوەن دەور لەساحەی سیاسیدا وئەمەش فاکتۆرێکی زۆر کاریگەرە ویەکێکە لەپێداویستیە حەیاتیەکانی پێشرەویی داهاتوو.

لەرووی بەدیهاتنی داخوازیە سیاسی وئابوریەکانی جەماوەریشەوە. هەرچەندە ئەو خواستانە تا ئیستا بەدینەهاتوون ودەسەڵات بەراشکاوی دانی بەهیچیاندا نەناوە، بەڵام سەردانەواندنی تەم ومژاوی دەسەڵات وبەڵێنەکانیان بۆ جێبەجێ کردنی داخوازیەکانی جەماوەر، لەسەریان بووە بەماڵ. زەبری ئەو چەکوشەش کە بزووتنەوەی جەماوەری بەسەر سەری ئەم دەسەڵاتەوە ڕایگرتووە، ناکرێ ئەوەندە ترسی لەدڵیدا نەچاندبێت کەناچاربێت لەو بوارانەشدا داخوازیەکانی لەبەرچاو بگرێت و هەر وەکو پێش ١٧ ی شوبات خۆی لەئاست ویست وداخوازیەکان خەڵک گێل بکات. دەسەڵات ناچارە لەو بوارانەدا لانی کەم ئاستێک لەداخوازیەکانی خەڵک وەڵام بداتەوە. ئەمەش دەسکەوتێکی گەورەی دیکە دەبێت.

## لایەنە لاوازەکان و دەرسەکان:

هەڵبەت ئەم بزووتنەوەیە دەیتوانی لەم ئاستە زیاتر بڕواتە پێش و لەهەنگاوی یەکەمدا بەخواستەکانی خۆی بگات، یان سەرکەوتنی زیاتر لەو ڕێگایەدا بەدەست بهێنێت. بەڵام کەم وکوڕی وئاستەنگی وگرفتەکانی خودی بزووتنەوەکە، ئەم ڕێگایەیان لێی بەربەست کردو بواریاندا بەدەسەڵات کەبتوانێ لەدووڕیانی سەرکوت یان وەڵامدانەوەی داخوازیەکاندا، ڕێگای سەرکوت هەڵبژێرێت. ئەگەر لەیەک ڕستەدا گرفت وکەم وکوڕیە بنەڕەتیەکانی بزووتنەوەکە بەیان بکەین، بریتی بوو لەوەی کە کۆمۆنیزم وحیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بەو هۆیەوە کەلە دەورەی پێش ١٧ ی شوباتدا نەیتوانی بوو وەکو هێزێکی سیاسی دەخاڵەتگەر، بەدیلێکی کۆمۆنیستی ڕزگاریبەخش دەربکەوێ وببێتە ئامرازی ڕێکخستن و یەکگرتووکردنی ڕیزی کریکارانی پێشڕەو وهەڵسووڕاوانی کۆمۆنیست. هەر بۆیەلە جەرگەی بزووتنەوە نارەزایەتیەکەشدا، نەیتوانی تائاستی رابەری سیاسی بزووتنەوەکە جێگا پەیدا

بکات وسیاسەت وتاکتیک وپلاتفۆرمەکەی، بەکردەوە نەبوو بەبەرنامە عەمەلی بزووتنەوەکە. هەر بەم پێیە گرفتی گەورەی ئەم بزووتنەوەیە لەپێش هەموو شتێکدا ئەوە بوو کەیەخسیر بالادەستی ئاسۆی سیاسی وئالتەرناتیڤی باڵێکی بۆرژوای ئۆپۆزسیۆن بوو لەژێر ناوی "ڕیفۆرم خوازی"دا. پەرلامنتاریزم و سیناریۆی هەڵبژاردنەکان و پیکهێنانی ئالوگۆر لەڕێگای سندوقەکانی دەنگدانەوە، بۆ چاکسازی، سەرهەڵدانی بزووتنەوەی گۆڕان ودوا سیناریۆی هەلبژاردنەوە، ئەم بالە ناسیونالیستەی بۆرژوازی نارازی، توانیبووی بەهەوڵی میدیای ئەهلی ورۆشنبیرانی ناڕازی و دیموکراتخواز، ئەم ئاسۆ وباوەرانە بەسەر کۆمەڵگادا زال بکات. لەدرێژەی ئەمەشدا بەرادەی سەرەکی رابەری بزووتنەوەی جەماوەری بەدەستەوە بگرێت. لەکاتێکدا کەلەبنەڕەتەوە ناکۆک بوو لەگەڵ ئەو ئامانج وخواستانەدا کەجەماوەری ناڕازی بۆی هاتبوونە مەیدانەوە. کۆمەڵگای کوردستان کەلەسەر بنەمای قەڵشتی چینایەتی ولەژێرکاریگەری شۆڕشەکانی تونس ومیسردا بۆنی بەشۆڕشەوە کردبوو، بۆ خواستی پێکهێنانی ئالوگۆڕی ڕیشەیی و بەدەستهێنانی ئازادی ویەکسانی وعەدالەتی کۆمەلایەتی هاتنەمەیدانەوە، بەڵام بەو هۆیەوە کەپێستر لەفەزای سیاسی گشتی کوردستاندا بەرامبەر بەسیاسەت وئامانج وباوەرەکانی ئەم باڵەی بۆرژوازی ئۆپۆزسیۆن خۆشباوەربوون، بوار بەرووی دەور پەیداکردنی ئەم باڵەی بۆرژوازی وەکو رابەری نارەزایەتی وخۆپیشاندانەکان کرایەوە. بەواتایەکی تر جەماوەری ستەمدیدەی کوردستان بەدروست ئالای باڵێکی بورژوازی کوردیان خستە سەر زەوی، بەڵام بەنادروست لەئاست ئالای باڵێکی دیکەی بورژوازی کورددا خۆشباوەڕ مانەوە. باڵی بورژوازی ئۆپۆزیسیونی کوردی پێکهاتوو لەناسیونالیزم وئیسلامی سیاسی، کەخۆی لەبزووتنەوەی گۆڕان ورەوتە ئیسلامیەکاندا نواند، بەناحەق بوون بە بەشێکی گەورە لەئالای نەفرەت لەبورژوازی دەسەلاتداری کورد. لەکاتێکدا ئەو ئۆپۆزیسیونە بورژوازیە نە لەرووی ئاسۆیەکی سیاسی کەبۆ ئایندەی سیاسی کوردستان هەیانە و نە لەرووی بەرنامەو ئامانجەکانیانەوە، هیچ تەبایی وجوت بوونیکیان نیە لەگەڵ ئازادی ویەکسانی وعەدالەتی کۆمەلایەتی وئەو

خواستانەی تری جەماوەر کەبوونە دروشم و داواکاریەکانی بزووتنەوەکە. بزووتنەوەی گۆڕان خۆی بەشێکە لەهەمان خانەوادە و بزووتنەوەی بۆرژوازی دەسەڵاتداری ئێستا. گۆڕان نوێنەری ناڕەزایەتی بەشێکی چینی سەرمایەداری کوردە، کەلە بەشی خۆی لەدەستڕەنجی بەتاڵان براوی کرێکاران وجەماوەری زەحمەتکێشی کوردستان و سەروەتی کۆمەڵگا، ناڕازیە. ناڕازیە لەچۆنیەتی دابەشکردنی دەستڕەنجی کرێکاران وسەروەتی بەتاڵاتبراوی کۆمەڵگا لەنێوای بەشەکانی بورژوازیدا، نەک لەخودی بەتاڵانبردنی ئەو دەستڕەنج وسەروەتە. ئیسلامی سیاسیش هەر کێشەکی لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە هەبێت، نەک هەر هیچ پەیوەندیەکی بەئازادی ویەکسانی وخواستەکانی جەماوەرەوە نیە بەڵکوو دژایەتی توندی هەیە لەگەڵیاندا. لەروانگەی ئەوانەوە بەرپاکردنی مەملەکەتی ئایەتوڵاکانی ئێران وچەتە چەکدارەکانی تاڵیبان، ئەلگۆی حوکمڕانیە بۆ ئایندەی کوردستان. سەرجەم پلاتفۆڕمی ئەم بەرەو هاوپەیمانیتیە ناسیونالیستی وئیسلامیە ناکۆکیەکی قوڵی لەگەڵ بەرژەوەندی و ویست وئامانجەکانی جەماوەری راپەڕیوی کوردستان هەیە. بەڵام بۆ ئەوەی بتوانن جەماوەر بکەن بەلەشکری رەشی سیناریۆکانی خۆیان، هاتوون خۆیان لەگەڵ ئەو بزووتنەویە ئاوێزان نیشاندەدەن.

کۆمەڵگای کوردستان، کۆمەڵگایەکی چینایەتیە، خەبات وکێشمەکێشی چینایەتی وناکۆکی بەرژەوەندیە چینایە جیاوازەکان، ناکۆکی سەرەکی کۆمەڵگای کوردستانە و هەموو کێشەکانی تر سەرچاوە دەبەنەوە سەر ئەم مەسەلەیە. ئەوەی کەچینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێش و ستەمدیدە لەناو بزووتنەوەیەکی هەمە گیردا، ریزی خۆیان لەریزی چینی بورژوازی وحیزبە سیاسیەکانی جیا نەکەنەوە، تەنانەت لەوەش خراپتر کاتێک راپێچرێن بۆ ژێرباری ئاڵاو رابەری سیاسی حیزبە بۆرژوازیەکان، مانای ئەوەیە لەو رێگایە دور دەکەونەوە کە دەیانگەیەنێت بەئامانجە چینایەتیەکانی خۆیان. مانای ئەوەیە دەبنە پێپیلکانەیەک کەبەسەر شانیاندا بەشە جیاجیاکانی چینی بورژوازی سەردەکەون بۆسەر کورسی دەسەڵات تا دیسانەوە مژینی خوێن وشیلەی گیانی کرێکاران وبێبەشانی کۆمەڵگا بکەن بە نسیبی خۆیان. هیچ

بزووتنەوەو هیچ بەرژەوەندیەکی هاوبەش لەنێوان ئەم دوو چینەدا نیەو نابێ و ناکرێ لەیەک ریزدا راوەستن. راوەستانیان لە یەک ریزدا، مانایەکی نییە جگەلە تەسلیم بوونی چینی کرێکارو ستەمکێشان بەریزو ئاڵاو ئاسۆی بورژوازی. خاڵێکی هەرە لاوازی ئەم بزووتنەوەیە نارێکخراوبوون و بەرجەستە نەبونی ریزی سەربەخۆی چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێش وبەم جۆرەش راپێچ بونیان بوو بۆ ژێر ئاڵاو رابەری باڵێکی تری بورژوازی کورد.

باڵا دەستی رابەری ئەم باڵەی بورژوازی، هەرچەندە لەم ماوەیەدا نەیتوانی ناوەڕۆکی بزووتنەوەکە بگۆڕێت وەکو بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی و شۆڕشگێڕانە لە پێناو باشکردنی ژیان و مافەکانی کرێکاران و جەماوەری ئازادیخواز لە دەوری کۆمەڵێک داخوازی سیاسی و ئابوری رادیکاڵ، بەڵام لە درێژەی خۆیدا ئەگەر و مەترسی گەورەی ئەوە هەبوو کە سەرئەنجام رێرەوی بزووتنەوەکە و ئەو ناوەڕۆکەی بگۆڕێ بۆ بزووتنەوەیەک لە پێناوی بەهێزکردنی پێگەی باڵێکی بورژوازی لە دەسەلاتی سیاسی و لە بەتالانبردنی دەسرەنجی کرێکاران و سەروەتی کۆمەلگادا. لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەم فاکتەرە و هەر لەم دەورەیەدا، دەوری زۆر سەرەکی بینی لەوەی بزووتنەوەکە لە ئاستێکی تەنگدا قەتیس بمێنێت، پەلنەکێشێت بۆ کارگەو گەرەک و فەرمانگەکان و...بەم جۆرەش توانای واوەتر رۆیشتن لە مەرامەکانی ئەو باڵەی بورژوازی پەیدا بکات. هەر بەم پێەش دەوری بینی لەوەی سەرئەنجام بزووتنەوەکە دووچاری پاشەکشە ببێت. هەروەها ئەو تاکتیکانەی ئەم بالانەی بورژوازی نایانە بەردەم بزووتنەوەکەو سەرئەنجام زاڵیانکرد بە سەریدا، هەمووی بەو ئاراستەیەدا بوو کە بزووتنەوەکە بکەن بە بزووتنەوەیەک لە پێناو مەرامەکانی خۆیان و ئامرازێکی فشاردان لەسەر دەسەلات و پاشان بەندوبەست لە گەڵیاندا، بۆ ئاڵوگۆڕێکی رواڵەتی لە دەسەلاتی بورژوازی بە ناوی"حکومەتی تەکنۆکرات، حکومەتی تەوافق، هەڵبژاردنی پێشوەخت..." کە سەرجەمیان شتیک نین جگە لە چەک و پینەو ئارایشتدانەوەی دەسەلاتی بورژوازی، لەسەر حیسابی خەبات و قوربانیدانی

کرێکاران و جەماوەری ستەمدیدە. بە دیاریکراوی ئەوەی بە ناوی "نەخشە ڕێگای ئەنجومەنی کاتی سەرای ئازادی"ەوە ڕاگەیەنرا، بە تەواوی تاکتێکی بۆرژوازی بوو بۆ ئامانجە بورژوازیەکان کە بە زۆرەملێی بزووتنەوەی گۆڕان و ئیسلامیەکان سەپێنرا و ناکۆکی ئاشکرای هەبوو لەگەڵ هاوسنگی هێزی نێوان دەسەڵات و بزووتنەوەکە و ڕەوتی پەرەسەندن و چوونە پێشی. ئەم تاکتیکە و نائامادەیی بزووتنەوەکە لە پیادەکردنی و نەگونجانی لەگەڵ هاوسەنگی هێز، بزووتنەوەکەی لەگەڵ ڕەوتێکی ڕوو لە نشێو و پاشەکشە بەرەوڕوو کرد، هەر لەسەر ئەم بناغەیەش بواری سەرکوتی ملهوڕانە بەڕووی دەسەڵاتدا ئاوالا بوو.

## بەدیهاتنی ئازادی و یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە گرەوی چیدایە؟

ئازادی و یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی، کە دروشم و داخوازیەکانی زۆربەی زۆری جەماوەری ڕاپەڕیو بوون. لە ڕاستیدا تەنها لە ڕێگای شۆڕشێکی کرێکاری و بەرپاکردنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستیەوە دەتوانێ مسۆگەر بێت. ئازادی وەکو زادەی کۆمەڵگاو دەسەڵاتێکی بورژوازی لە جێگایەکی وەکو کوردستاندا، تەنانەت بە مانا سیاسیەکەی، جگە لە خەیاڵ پڵاوی شتێکی تر نیە. کوردستان وەکو یەکێک لە حەوزەکانی کاری هەرزان، تەنها لەسەر بناغەی کاری هەرزان و کرێکاری خامۆش و بێمافکراو دەتوانێ دەرگا بەرووی سەرمایەی جیهانیدا بکاتەوە. بەڵام بەبێ سەرکوتی سیاسی، کاری هەرزان و کرێکاری خامۆش و بێماف، ئیمکانی نیە. لە جێگایەک ئازادی سیاسی بە مانای ئازادی بەیان و هەڵسوڕانی حیزبی و جەماوەری و مانگرتن و خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕین لە ئارادا بێت، کاری هەرزان لە ئاست چەوسانەوەی زەق و ڕەقی چینایەتی هەرگیز خامۆش نابێت. ئەمە چ جای بگات بە ئازادی بە مانا هەمەلایەنەکەی کە ئازادبوون بێت لە جەورو ستەمی سەرمایە، لە هەڵاواردنی جنسی و ستەمی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی ...هتد. یەکسانیش لە کۆمەڵگایەکدا کە دابەش بوبێت بۆ کەمایەتیەکی سەرمایەداری مشەخۆری خاوەن ژیانی فیرعەونانەو زۆرایەتیەکی دەستەنگی

کۆیلەی کرێگرتە، کە خۆیان هەموو سەروەت و سامانی کۆمەڵگا بەرهەم دەهێنێن. دەبێتە دەستەواژەیەکی گاڵتەجاڕانە. عەدالەتی کۆمەڵایەتیش لە کۆمەڵگایەکدا کە چەوساوەو چەوسێنەری تیابێت، کە هەڵاواردنی جۆراوجۆری تیا بێت...تەنها دەبێتە پڕوپاگەندەیەکی فریوکارانە.
کەوایە ئەگەر ئازادی و یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی ئامانج و مەبەستی ئەم بزووتنەوەیە بێت، ڕێگایاکی تری نیە جگە لە ڕێگای چوونەپێشی هەنگاو بە هەنگاوی شۆڕشی بەردەوام بەرەو شۆڕشی کرێکاری و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی. بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری ئێستا ئەو شۆڕشە نیە، بەڵام بێشک چینی کرێکارو کۆمۆنیزم دەتوانن و دەبێ بە ڕیزی سەربەخۆوە بەشداری چالاکانەی تیادا بکەن، رابەرایەتیەکەی بەدەستەوە بگرن، پلاتفۆڕمی رادیکاڵی خۆیانی بخەنە بەردەم، سەرکەوتنەکەی بەو جۆرە پێناسە بکەن کە لەو ڕێگایەدا و لە کۆمەک بەو ئامانجەدا بڕواتە پێشەوە. تەنها ئەمەش دەتوانێ زامنی ئەوە بێت کە داخوازی و ئامانجەکانی جەماوەری ستەمدیدەو ئازادیخواز لە قوڵتیرین ئاستی خۆیدا مسۆگەر بێت.

## سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە لە گرەوی چیدایە؟

هەڵپێچانی دەسەڵاتی میلیشایی ئێستای بورژوازی کورد، بێشک دەبێ هەنگاوێک بێت لەم ڕێگایەدا. ئەم دەسەڵاتە هەر لە ڕۆژی یەکەمی هاتنە سەرکاریەوە، لە روانگەی بەرژەوەندی چینی کرێکارو بەشمەینەتان و هەموو ئازادیخوازانی کۆمەڵگاوە، دەبوو وەلابنرێت. بە سەرکوتی ڕاپەڕینی ١٧ ی شوبات و مامەڵەی سەدامی و ئەسەدی و قەزافیانە لەگەڵ داخوازیەکانی خەڵک، ئەم دەسەڵاتە ئیتر خۆی دەستپێشخەری کردوەو خۆی حوکمی روخانی خۆی داوەتە دەستی جەماوەری خەڵکەوە. ئەمەش دەسکەوتێکی گەورەی بزووتنەوەکەیە. بەڵام ئەم دەسەڵاتە نە بە داخوازی و نە بە قسەی خۆش و نە بە ئارەزووی خۆی لەبەرخاتری ئازادی و ئارەزووەکانی خەڵک هەڵناوەشێتەوە. دام و دەزگای سەرکوتی جۆراوجۆری هەیە کە ساڵەهایە بەخێویان دەکات، بەبێ لەکارخستنی ئەو دام و دەزگایانە و شکست

خواردنیان لە شەڕی سەرکوتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا، کورسی دەسەڵات بەجێناهێڵێت. ئەم دەسەڵاتە دەبێ بە خەبات و هاتنەمەیدانی جەماوەری هەڵوەشێتەوەو بەرێبکرێت. بۆ ئەمەش ئاسۆو ئاڵاو رابەریەکی شۆڕشگێڕانە بۆ بزووتنەوەکە پێویستە. ئەویش جگە لە کۆمۆنیزمی چینی کرێکار هیچی تر نیە. هاوکات رێکخراوبوونی چینی کرێکارو جەماوەری ستەمدیدەو ئازادیخواز لە ریزێکی سەربەخۆ لە دەوری ئەو ئاڵا و ئاسۆ و رابەرایەتیە پێویستە. کرێکاران و جەماوەری ئازادیخواز ئەگەر نارێکخراو بمێننەوە توانای بەسەرمەر گەیاندنی ئەم کارەیان نابێت. یان دوچاری شکست دەبن یان دەبنە لەشکری رەشی رەوتە بورژوازیەکان. دەسەڵاتی میلیشایی ئێستا و لایەنە بورژوازیەکانی نەیاریان، کە هەموو چەکدارن، چاوەڕانی ئەوەیان لێدەکرێت کە سیناریۆیی جۆراوجۆر بەرپابکەن بۆ لە خوێن هەڵکێشانی کۆمەڵگاو تێکدانی رەوتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە. ئەوەی دەتوانێ بەر لەم مەترسیانە بگرێت، تەنها هێزی رێکخراو و چەکداری چینی کرێکارو جەماوەری شۆڕشگێڕە لە ریزی خۆیان و لە دەوری رابەڕایەتیەکی کۆمۆنیستیدا.

تەجروبەی ئەم ٦٢ رۆژە نیشانیدا کە تەنها هاتنەمەیدان و خۆپیشاندان و میتینگەکانی مەیدانەکان و تەنانەت هەڵچونی بێبەرنامە کافی و کارساز نیە. سیاسەتی رۆشن و تاکتیکی وردو کارساز پێویستە، رێکخراوبوون و رێکخستنی چینی کرێکار و جەماوەری ئازادیخواز پێویستە، یەکگرتن و یەکدەستی پێویستە. گومان لەوە نیە کە دەسەڵاتێکی گەندەڵ و ستەمکار، سەرئەنجام لە پێناو مانەوەی عومری خۆیدا، لەگەڵ خەڵکی راپەڕیو دەجەنگێ و جەنگ بەرپا دەکات و دەست بۆ چەک دەبات. دەبێ تاکتیکی کارساز بۆ بەرگری لە جەنگی پێشوەخت بەدەستەوە بگرێت و لە کاتی خۆیشیدا دەبێ توانای ئەوە پەیدا بکرێت کە لەو جەنگەدا سەرکەوتوانە بێیتەدەر. نابێ بە راپەڕین یاری بکرێت! نابێ هیچ هەنگاوێکی پێشوەخت بنرێت! کاتێک تەوقیتی دروشمی "بڕۆن بڕۆن" دیاری دەکرێت، کە بزووتنەوەکە توانای ئەوەی هەبێت ناچار بە رۆیشتنیان بکات یان لە ناو کۆشکە شاهانەکەیان

دەستگیریان بکات. بەبێ بوونی ئەم هێزو تواناو هاوسەنگیە، ڕاگەیاندنی شەڕی کۆتایی لەسەر ئەمە، جگە لە بەدبینی وەکو ئەنجامی ناکام مانەوە، جگە لە زەمینە خۆشکردن بۆ شەڕێکی ناوەخت و نابەرابەر، سەرئەنجام جگە لە بەدەستەوەدانی فرسەت بۆ سەرکوت، شتێکی تری لێناکەوێتەوە.
ڕەوتی سەرکەوتنی بزووتنەوەی جەماوەری ئێستای کوردستان، بەپێی پۆتانسیلی بزووتنەوەکە و ئاستی هاتنەمەیدان و واقعیەتی کۆمەڵگای کوردستان و هێزە سیاسیەکانی، لە ئێستادا هێشتا ڕەوتێکی لەسەرخۆو هەنگاو بە هەنگاوە. شێوەی گونجاو و کارساز ئەوەیە لە هەنگاوی یەکەمدا پێداگری لەسەر هێنانەکایەوەی فەزایەکی ئازادی سیاسی و سەپاندنی بەسەر دەسەڵاتدا بکات، لە ڕێگای هەڵوەشانەوەی یاسای سەرکوتی خۆپێشاندان و یاساکانی بەرتەسک کردنەوەی ئازادی سیاسی. هاوکات لەگەڵ ئەوە بەرزکردنەوەی کۆمەڵێک خواستی ئابوری وەکو بەرگرتن لە گەندەڵی و بیمەی بێکاری و بردنە سەری کرێ و دیاریکردنی لانی کەمی کرێی کرێکاران و مانگانەی فەمانبەران و لانی زۆری مانگانەی کاربەدەستان، دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان...هتد. هەروەها لە کاتێکدا کە ڕەوتی شۆڕشگێڕانەی ناوچەکە، نەریتی بۆماوەیی و دەسەڵاتی بنەماڵەی تێپەڕاندوەو لە گۆڕی ناوە، هەر ئێستا وەکو خواستێکی دەستبەجێ، کاتی ئەوەیە مسعود بارزانی ناچاربکرێت ڕاشکاوانە ڕابگەیەنێت کە بۆ دەورەی داهاتوو خۆی بۆ سەرۆکی هەرێم کاندید ناکات و خەیاڵی دەست بەدەست پێکردنی بنەماڵەیی و بۆماوەیی دەسەڵاتیش لە بەرنامەیاندا نیە.... پێبەپێی چونەپێشی بزووتنەوەکە لە بەدیهینانی داخوازیە دەستبەجێکان و چونەسەری توانای بزووتنەوەکە لە ڕووی ڕێکخراوبوون و بەرینبونەوەی دامەنەی کۆمەڵایەتی و تەحقیق بوونی ڕیزی سەربەخۆو ڕابەری ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕ بۆی، ئاستی داخوازیەکانیش بەرەو سەر ببرێن.
شێوەکانی ئێستای پەرپێدانی خەباتی جەماوەری، بریتیە لە بەرینکردنەوەی ڕەوتی مانگرتنەکانی ئێستا و کێشدانی بۆ کارگەو فەرمانگەو هەموو ناوەندەکانی خوێندن...و... پێکهینانی لیژنەو دەستەو کۆمیتە جۆراوجۆرەکان،

له هەموو ئەو ناوەندانه بۆ ڕێکخستنی جەماوەر و یەکدەست کردنەوەیان له دەوری پلاتفۆڕم و داخوازیەکان و شێوەکانی خەبات. بەرپاکردنی کۆبونەوە گشتی و جەماوەریەکان لەو ناوەندانه و بردنەپێشیان به ئاقاری شکڵگرتنی ڕێکخراوە کریکاریەکان و ڕێکخراوبوونی جەماوەری ئازادیخواز. بەدەستەوەگرتنی فەزای سیاسی گەڕەکەکان و زاڵکردنی فەزای ئازادیخوازانەو کۆمۆنیستی و شۆڕشگێڕانه بەسەریاندا و بەم جۆرەش تەنگ کردنەوەی فەزای گەڕەکەکان له دەسەڵات و ڕەوتە کۆنەپەرستەکان. هەروەها به هەمان شێوازو له قاڵب و چوارچێوەی عەمەلی و گونجاودا، بەڕێخستنی هەوڵێکی نەخشەمەندانه بۆ سەراسەری کردنەوەی بزووتنەوەکە له ئاستی هەموو کوردستاندا. پێکهێنانی هاوئاهەنگی و هاوپشتیەکی پتەو له نێوان ئەم بزووتنەوەیە و بزووتنەوەی نارزایەتی جەماوەری له عێراق. بەدەستهێنانی پشتیوانی جیهانی بۆ بزووتنەوەکە و توندکردنەوەی فشاری جیهانیش لەسەر دەسەڵات. بەڕێخستنی ڕاگەیاندنێکی کارای هەمە جۆرە بۆ هەڵخڕاندنی فەزای کۆمەڵگا له دەوری پلاتفۆرمی بزووتنەوەی جەماوەری و شۆڕشگێڕانەو هەنگاو و شێوازەکانی چونەپێشەوە.

## پێگەی چینی کریکار له سەرخستنی بزووتنەوەکەدا:

له گشت ئەم پرۆسەیەدا بەبێ ئەوەی چینی کرێکار وەکو کۆڵەکەی سەرەکی و بڕبڕەپشتی ڕەوتی ئالوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی ئەم سەردەمە و و ئەم بزووتنەوە جەماوەریە، پێبنێتە مەیدانەوە، زۆر ئەستەمە ئەم بزووتنەوەیە تەنانەت به لانی کەمی ئامانجەکانی خۆی بگات. دەروی چینی کرێکار بۆ سەکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە و ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانه حەیاتی و چارەنوس سازە. لەم دەورانەدا هیچ ئاڵوگۆڕێکی شۆڕشگێڕانه و ریشەیی له ژیانی کۆمەڵگادا ناتوانێ بەبێ دەوری پێشڕەو و کاریگەری چینی کرێکار بەسەمەر بگات. ئەگەر ئەم هێزە له ئاستی فراواندا بەڕیزی سەربەخۆوە پێبنێتە مەیدانەوەو ئەگەر لەسەر خەتی سیاسی و تاکتیکی کارساز بگیرسێتەوە، هێزێکە شکاندنی یەکجار سەختە. هەر ڕۆژێک کرێکارانی چیمەنتۆو نەوت و

شارەوانی و جێگاکانی تر تەنها دەست لەکار بکێشنەوە، چۆکی بۆرژوازی و دەسەڵاتەکەی دەشکێنن. چینی کرێکار خاوەن پێگەو پۆتانسیلێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەهێزە. بەڵام ئەگەر بە شێوەی پەرش و بڵاو و ناڕێکخراو، تەنانەت بەشی هەر زۆری خۆپێشاندەران و بەشداربوانی میتنگەکانی مەیدانی ئازادیش پێکبهێنێت، ناتوانێ زەبری توانای کۆمەڵایەتی خۆی بەکاربەرێت. بەڵکو تەنها دەتوانێ دەوری هێزی پیادەی ئەو بزووتنەوانە بگێڕێت کە ئامانج و بەرژەوەندیە چینایەتیەکانی کرێکاری تیادا کراوە بە قوربانی یان ونبووە. توانای چینی کرێکار لە پێگەی ئەم چینە لە بەرهەمهینانی کۆمەڵایەتیەوە سەرچاوە دەگرێت. بەبێ ئەوەی وەکو چینێکی بەرهەمهێنەرو شادەماری ئابوری و سەروەتی کۆمەڵگا، لە هەمان جێگای کارو بەرهەم هێناندا رێکخراو بێت و لەو جێگاو رێگایەوە گورزی خۆی راوەشێنێ، ناتوانی برەوی واقعی خۆی هەبێت. ئەگەر کۆمۆنیزم بە هەر هۆیەکەوە رێکخراوکردن و هێنانەمەیدانی ئەم چینەو کردنی بە برەبرە پشتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە دەستوری خۆی دانەنێت، نە شتێک لە کۆمۆنیزمەکەی دەمێنێتەوەو نە هیچ شانسێک بۆ سەرکەوتن لەبەردەم خۆی دەهێڵێتەوە. بزووتنەوەی جەماوەریش بەبێ دەوری پێشڕەوانەی چینی کرێکار سەرکەوتنی نیوە ناچڵیشی ئەستەمە.

## پێویستی پەیوەست بوون بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییەوە:

لەم دەورەیەشدا و لە جەرگەی بزووتنەوەی جەماوەری و شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا، وەکو دەورەکانی رابردوو، رەوتی شۆڕشگێڕی واقعی و ئازادیخوازی و کۆمۆنیزمی چینی کرێکار لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا خۆی نیشاندا. ئاسۆی ئازادی و یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی ساڵەهایە لەلایەن ئەم حیزبەوە نوێنەرایەتی کراوەو خەباتی بۆ بەرێخراوەو قوربانی بۆ دراوە. دەرسەکانی ئەم دوو مانگەو پێداویستیەکانی سەرکەوتنی بزووتنەوەکە، بەر لەوەی پاشەکشەی پێبکرێت لەلایەن ئەم حیزبەوە پێشبینی کراوەو خراوەتە بەردەست. لە ماوەی ئەو دوو مانگەشدا ئەم حزبە بە

سیاسەت و تاکتیکەکانی، بە راگەیاندن و ووتاری رابەرانی لە مەیدانەکانی ئازادی و خۆپیشاندانەکان، بە پلاتفۆرم و هەڵسوڕانی عەمەلی، لێبڕاوانە و بە گیانێکی پڕ لە لیپرسراوێتیەوە تێکۆشاوە بۆ ئەوەی لەسەر خەتێکی دروست ئەم بزووتنەوەیە بەرەو سەرکەوتن بەرێت. لێبڕاوترین و تاقە حیزبی سازش هەڵنەگربوو بۆ خەبات و پێداگری لەسەر داخوازیەکانی بزووتنەوەکە و وەستانەوە بەرامبەر ملهوری دەسەلات. پەیگیرانە بەرامبەر چەواشەکاریەکان، بەرامبەر سازش و سات و سەودای ئۆپۆزیسیونی بورژوازی، بەرامبەر موغامەرەو یاریکردن بە چارەنووسی بزووتنەوەکەو شێوازو تاکتیکە نادروست و نەشیاوەکان راوەستا. هەرکەس و هەر هەڵسوڕاوێک ئەمانە بە دروست و بە کاری خۆی و بە پێداویستیەکانی سەرکەوتنی بزووتنەوەکە دەزانێ و تا ئێستا لە ریزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا نیە، دەبێ لە خۆی بپرسێت بۆچی لەگەڵ ئەم حیزبە نەبوو؟!. ئایا ئەوە روون و ئاشکرا نیە کە بەبێ حیزبی سیاسی بەهێزو کۆمۆنیستی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی ریشەیی و بەسەرکەوتنی گەیشتن، بە مانای واقعی بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی و عەدالەتی کۆمەلایەتی، ئیمکانی نیە؟! لە جەرگەی ئەم ئاڵوگۆڕانەدا ئەگەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بەهێزوتواناتر بوایە، دەکرا رێگری لەو پاشەکشەیەش بکات. لێرە بەدواش ئەگەر ئەم حیزبە بەهێزوتواناتر بێت دەتوانێ زامنی سەرکەوتن بێت. کەوایە پێویست بوو هەموو هەڵسوڕاوانی کرێکاری و کۆمۆنیست و چەپ و جەماوەری کرێکاران و لاوانی دڵپڕ لە هیواو ژنانی ستەمدیدەو خەڵکی ئازادیخواز، بە هەموو تواناوە ئەم حیزبەیان بەهێزکردایە و بەم جۆرەش سەرکەوتنی بزووتنەوەکەیان مسۆگەر بکردایە. ئێستاش هەر دەبێ ئەوکارە بکەن. بەڕیزی فراوان بەم حیزبەوە پەیوەست بن، لە کارگەو گەڕەک و خوێندنگاو فەرمانگاو هەموو جێگایەک راستەوخۆ کۆمیتە کۆمۆنیستیەکانی سەر بەم حیزبە دروست بکەن. ووێنەی بچوکراوەتری حیزب لە ئاستی هەر ناوەندێکدا بەرپا بکەن و بۆ راپەڕاندنی سیاسەت و کارەکانی حیزب و سازدانی جەماوەر لە دەوری پلاتفۆڕمەکەی، لەگەل حیزب دەستبەرکاربن. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەموو

کۆمۆنیستەکان و رابەران و هەڵسوڕاوانی کرێکاری و ئازادیخوازان بۆ پەیوەست بوون بە ریزەکانی و بیناکردنی حیزبێکی سیاسی بەهێزی دەخاڵەتگەرو رابەرو سازدەر، بانگەواز دەکات.

**مەکتەبی سیاسی**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**سەرەتای ئایاری ٢٠١١**

لەبڵاوکراوەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان / ئایاری ٢٠١١